هەردی مەهدی



# تەلەفۆنەکەی سەرۆك و هەڕەشەکانی زاری

●"سەرۆکی هەرێم بەتەلەفۆن لەگەڵ بیکەردا قسەی کرد" "حارس زاری حکومەتی عێراق بە بێ شەرعیەت لەقەڵەمدەدات وداوای لێسەندنەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی دەکات لەو حکومەتە" ئەمە ئەو دوو رستە خەبەریە بوون کە ماس میدیاکان بایەخ و گرنگی تایبەتیان پێدا. بەلام لیژنەی بیکەر–هاملتۆن و بڵاوکردنەوەی بەو شێوەیەی کەهەیە دنیایەك گۆڕانی لە بیرکردنەوە و نەخشە و دنیابینیمان کرد.

سوننەکانی عێراق و زاریەکەیان وەك چەکی هەمیشەیی و نارازییان "هەڕەشە"یان بەکارهێنایەوە، لەبەرامبەردا بیکەر بێتەلەفۆن و بە دیراسەکانی وەڵامی دانەوە و بەڵێنی بە "مقاوەمە"شدا کەبە "پۆستەکانی" حکومەتی عێراقی پاداشتیان بکات. بەلام کوردا!! وەك فریوەکانی رابردووی بە زارەکی نەك ڕوبەڕوو بە تەلەفۆنێك خۆی دڵنیاکردەوە و بێ ئاماژە بە هیچ نوسراوێك. رۆژنامەکانیشمان کردیانە مانشێت و وەك "بای ئەمەل!!" بڵاوەیان پێکرد. ئیتر دیسان بیرمانچوو کەمتمانە لە سیاسەتدا بە نوسراو و دیکۆمێنت دەبێت و نوکە و تەلەفۆن و بەڵێنی زارەکی ومتمانەی شەرافەتمەندانە لەئەتەکێتەکانی دیوەخانن نەك ژورەتاریکەکانی سیاسەت.

دەرکەوتوترین ئەنجامەشیکاریەکانی ناو مێژووی پەرتەوازەی کورد بەڕای ئێمە تەنها ئەو راستیەمان بۆ دوپاتدەکەنەوە "بیرچونەوە ئەو راستیە تاڵەیە نەوەکانی کورد یەکلەدوایەك لەگەڵیاندایە وەك میرات ،وەك نەست" ، راستیەکەی ئێمە تەنها بە زانینی ئەم راستیە یادەوەری (ذاکرة)مان لەکیسنەداوە، کارەسات لەوەدایە لەگەڵ ئەم پێدراوە تاڵەدا و زانینی، ئەوەندەش کارەساتی تاڵی لەدووی خۆی هێناوە، بیرچونەوە تەنها بەوە لێمان ناگەڕێ بیرمانچێتەوە، بەڵکو دەرهاویشتەکانی ئەچنە ناو ژیانو دوایەمین پنتی بیرکردنەوەمان و ئەنجامەکانی جوڵەی رۆژانەمانەوە. ئەو کوردە کامەیە پێمان بڵێ لەو قۆناغەدا بەم ئەزمونە تاڵەدا نەرۆشتین؟! ئاخر خۆ بیرچونەوە تەنها لەوەشدانیە تۆماری بیرچونەوەکان بنوسینەوە تا بیرمان نەچنەوە، ئەوکاتەیە کارەسات کاتێك لە پێشهاتێکی نوێتردا هاوشێوەی بیرچونەوەکان دێتەپێشەوە و هەمدیس باوەڕناکەیتەوە،لەکاتێکدا تەنها بە دەرککردنی پراکتیکی ئەم راستیە رەنگە پێشمان بە لانیکەمی نیوەی کارەساتەکان بگرتایە.

زۆر دەوترێت و دەوترێتەوە سیاسەت یانی "دیکۆمێنت" و "دان" و "ستان"، پێیانووتن پەڕەچڵکنەکانی دیکۆمێنت لەو فەرشە سورانە گرنگترن کە تەنها موجامەلەتان دەکەن، چونکە دواتر ئەنجامە پێچەوانەکان دەدورنەوە کە چاوەڕێی ناکەن، راستی ئەم قسەیە رێکوپێك لە وتەکانی سەرۆکی هەرێمدا دەردەکەوێت. لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا لەبارەی راپۆرتەکەی بیکەر–هاملتن هاتووە کە "ئەم راپۆرتە پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە بەڕێز جێمس بیکەر بەتەلەفۆن بە ئێمەی راگەیاند .... لیژنەکە هیچ گرنگیەکیان بە بەرنامەکەی هەرێمی کوردستان نەداوە و نەشیان خوێندوتەوە" لەبەرئەوە ئیتر رەنگە بەسبێت کە خەڵك و خۆتان سەرسامبکەن و رایچڵەکێنن، چونکە لە ئەگەرەکانی سیاسەتدا سەرسامی مانایەك نادات.

سەیر لەوەدایە زیاتر لە 8 مانگە لێکۆڵەرەوان خەریکی گەڵاڵەکردنی راپۆرتەکەن، بەڵام سەرکردایەتی کورد و سەرۆکی هەرێم دووشەو بەر لەبڵاوکردنەوەی بە تەلەفۆن بیکەر وشیاردەکاتەوە کە ئاگای لەکوردبێت، تۆ بڵێت تەلەفۆنێکی والەعەساکەی موسا بچێت و کاریگەرتربێت لە دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوەکانی لیژنە هەشت مانگیەکە.

راستیەك کە دەرکەوت ئەمجارە ئەمریکا دەیەوێت بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی "خۆی" لە عێراق، نەك "عێراق لەقەیرانەکەی" بە پارووی ئامادەکراوی کورد ، شیعە و سوننە رازی دەکاتەوە و موقاوەمەش دەکاتەوە دۆستی خۆی وەك چۆن صەدام تا دوێنێ دۆستی بوو، ئاخر گرەنتی کردنی یەکپارچەیی عێراق و بەهێزکردنی مەرکەز و دواخستنی مادەی 140 و سەروەت بۆ مەرکەز و کشانەوەی سوپا لە عێراق شیعە و سوننە بەرهەڵستکارەکانی عەرەب نزیکدەکاتەوە لە ئەمریکا و دەبنە خەتەرترین دۆسێش بۆ کورد، لەمە زیاتر چی دەخوێنرێتەوە لە بیکەر–هاملتن.

لەبەرئەوە ئەمجارەش سینەسافی و موجامەلە و بێدیکۆمێنتی زۆربەهێزتربوون لە پەند و روداو و کارەساتەکانی ناومێژوو، ئەمجارەش بەسەر کارەساتی پەیمانەکانی مەلائیدریس و بەڵێنەکانی ئەتاتورك و لۆزان و نسکۆی 75دا بازماندا، بیرتان نەچێت خودا لەسورەی نەبەئی جوزمی عەممەدا بەعەرەبی ووت **"بۆچی ناڕوانن و وردنابنەوە بزانن حوشتر چۆن دروستبوە؟** " عەرەب بەو بەدەویەتەی کە کوردە ناسۆنالیستەکان باسی دەکەن سودیان لەو حوشترەگەرە وەرگرت و بیریان ناچوویەوە، بەڵام کورد خودا ئەم هەموو پەیمان و نسکۆیەی بۆ نازڵ کرد لە دوور و نزیك، کەچی تۆسقاڵێك پەندی لێوەرناگرێت و مەگەر هەربڵێت "دیسان بیرچوونەوە"... ئەمجارەش سەفەر سەلامەت و فەرشەسورەکەی واشنتۆن چاوەڕێتانە هاوڕێیان..